
# فیستیڤاڵی مەستۆرەی کوردستانی

## 10،9،8 ی دیسەمبەری 2005

## هەولێر- کوردستان



بۆ ڕێزلێنان لە قەڵەمی داهێنەرانەی ئافرەتانی کوردستان و بایەخی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەشی ڕاوێژکاری کاروباری ئافرەتان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، لە یادی دووسەد ساڵەی لەدایکبوونی ژنە شاعیر و مێژوونووس ماه شەرەف خانمی کوردستانی ناسراو بە مەستۆرە، فیستیڤاڵێکی سێ ڕۆژی، لە پایتەختی کوردستان ساز دەکەن.

لەمەستۆرەناسییەوە بۆ ژنناسی و بۆ کۆڕی فیکر و شیعر و هونەری دەگمەن و ناوازە، هەولێر سێ ڕۆژ شەیدایانی ئەدەب و وێژە و هونەری کوردی بەخۆیەوە دەگرێ و میوانداری لە ناودارانی دەستنەخشین و هەسترەنگینی هەرچواربەشی کوردستان و هەندەران دەکات و، هاوکات بەهرەی ژنانی کوردستان چوون پیشانگای مرواری لە تیڤییەکانەوە بۆ هەموو جیهان پەخش دەکاتەوە.

**کۆمیتەی ئامادەکاری فیستیڤاڵی**
**مەستۆرەی کوردستانی**

بۆ ئاگاداری و تێبینی هێژایانی بەشدار :

وا بڕیاربوو لە **11/16** ئەم فیستیڤاڵە بکرێت، بەهۆی هەبوونی چەند کۆنفرانس و فیستیڤاڵێکی تر لە شارەکانی کوردستان کە ڕێکەوتی هەمان ئەو ڕۆژانە بوو، ئێمە فیستیڤاڵی مەستۆرەمان دواخست بۆ ئەو ڕۆژانەی مانگی دیسەمبەر کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە. لەگەڵ داوای لێبوردنمان.